# نێچیری هەفتە Februare 16

عەلی مەحمود محەمەد

دەڵێن هەردوو حکومەت بڕیار وایە یەك گرنەوە , ئەم هەواڵە پێویستی بە هەڵهەڵەیەك هەیە , ئەمەش یەکێکە لە مونجازەتەکانی لیستی هاوبەش , دیارە شەیتان ئەو دوو حکومەتەی کەرت کردووە و ئێمەش پێمان نەزانییوە وا ئێستا یەکگرتنەوەی بە مونجزات پێمان دەفرۆشنەوە . نازانم ئەم یەکگرتنەوەیە وزارەتەکانی دۆلار و زەوی و ئاسیا سێڵ و کۆڕەك تلیکۆمی تێدایە یان نا ؟؟؟؟ , ئەوانەی تێدا نەبێت بە تورێکی قوڕاوی . پاش هەموو یەکگرتنەوەو کەرت بوونەکان خەزێنەی دەڵەت خۆمان خۆش , پاشان لە سفرەوە دەست پێدەکاتەوە , ئەمجارەش هەر وا دەبێت , بۆیە هیچ کەسێك بە ئەندازەی پارتی دەسەڵاتدار قازانج و بەرژەوەندی و ئارەزوی لە یەکگرتنەوە و کەرت کردنی حکومەتدا نییە , باشترین کاسبییە بۆ لوش دانی خەزێنەیەك گوایە هی میلەتە , ئەمە یەکگرتنەوەی دوو حکومەت نییە بەڵکە گرێدانەوەیەتی , کەی پێویستی کردوو و بەرژەوەندی خواستی و خەزێنە پێویستی بە تەسفیر بوو ئەوا دوو کەرت دەکرێتەوە .

– ڕۆژنامەنوسێکی ئیتاڵی , دوعا بکەن هەر باش بوو لە کوردستان شێت نەبوو و بە ملمانا نەهات , کە بینیبووی پیاوێك بۆ هەشت دانە ژن کارتی هەڵبژاردن پڕەکاتەوە لە پرۆسە پاك و بێگەردەکەی دەنگدانی کوردستان , کەچی لە کاتێکدا ژن 25٪ پیاوە لە عێراق , بەسزمانە گەشکە بردی ببوو , لە ژیانیا شتی وای نەبینییوە مەگەر لە دیموکراسییەتە بێ عەیب و عارەکەی کوردستان . ئەو پیاوە دیموکراسی خوازە ئەگەر بۆ چوار ژنی پڕ کردایەتەوە دەمان گوت لادان نییە لە یاسای کاتی عێراق چونکە دەکاتە 25٪ ەکەی برێمەر . کاکی ڕۆژنامەنووس ئاگای لەوە نییە عەشیرەتی وا هەیە پێش هەڵبژاردن دەنگی خێڵ بە بێ پەنجە مۆرەکەش سەرتاپا فرۆشراوە , نازانم ئەمە دیموکراتیەتە یان دیموکۆیلەداری ؟؟؟ .

–کاتێك حاجییەکان لە سعودییە گەڕابونەوە لەسەر سنور ئاگادار کرابونەوە ئەوەی دەنگ بە لیستی 169 نەدات حەجەکەی قەبوڵ نابێت , ئەمە دایکی شەهیدێکی ناچار کرد دەنگ بە لیستی کوڕە شەهیدەکەی نەدات لەبەر خاتر قەبوڵ بوونی حەجەکەی . لە بەسرا گەورەترین دزی عێراق کە پارێزگارەکەیەتی بە کەشتی نەوت دەدزێت نەك وەك ئەوانەی ئێمە بە تانکەر , لە تەنیشت هەندێك لە سندوقەکان نوسیبووی 169 ڕێگای بەهەشتە , ئەوەشی بە کەیفی خۆی نەچوو بۆ بهەشت بەسەرە نێزە بە بان پردی سیراتا پەڕاندییانەوە . بەهەشتی خەڵك لەژێر زەوی و بەهەشتی دزی خۆشی لەسەر زەوییە , ئەوە عاشوراو ڕەمەزان بوایە هەر کەسێك دە دەنگیی تەزویر نەکردایە , نە زنجیر لێدانەکەی قەبوڵە بوو ,نە ڕەمەزانەکەی بۆ دەنوسرا .

–لە بەرواری 27–1 ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ نووسراوە – ناسنامەی خانە نشینی بە تێکۆشەرانی عەشیرەتی مەنتك بەخشرا . نازانم چەند ئەمە لەگەڵ دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی تەبایە , مەگەر خوا بە گەورەیی خۆی سەری لێدەرکا ؟؟؟؟. تێکۆشەران لە کوردستان دابەش کراون بەسەر ( شۆڕشی ئەیلول , شۆڕشی نوێ , شۆڕشی گوڵان, شۆڕشی مەنتك , شۆڕشی جاف , شۆرشی هەزاران دیوەخانی کۆنە جاش و موستەشارو فایل دار و پیاو ماقوڵان و شێخ و ئاغاکانی کۆمەڵگەی بازاڕی دەنگ کڕین) , قوڕ بەسەرمان نەك نەوتەکەی کەرکوك و 17٪ ی داهاتی عێراق , نەوتی هەموو دنیاو کارخانەی دروستکرنی دۆلاریش تێرییان ناکات !!!.

–فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کە زۆرجار ڕاگەیاندنە حیزبیەکان بەسەروباڵی کورد پەروەربونیانا زیاد لە پێویست هەڵە دەن , کاتی خۆی بۆ چارەنوسی 7 پێشمەرگەی دیموکرات ئیمزایان نەکرد نازانم ترس بوو یان قین , ووتم لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت , بەڵام لەم ڕۆژانە برادەرێك داوای یارمەتی بۆ 81 ئاوارە کوردەکەی ئاڵتاش لێکردبوون ووتبوییان ئەوانە دیموکراتن ئێمە هەقمان بەسەریانەوە نییە با دیموکرات خۆی فریایان کەوێت . سوێندتان لەسەرم نییە ئەگەر ئەو لێقەوماوانە دیموکراتێکی دەسەڵاتدارو پارەدار بونایە هەموشییان فایلیان بە ترێلە هەبوایا ملی خۆیانیان بۆیان دەشکاند , شیوەنییان بۆیان دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان .